




# چ کتێبێک بخوێنینەوە؟

عەبدولغەنی کاکۆ
(ئەڵمانیا)

ئەوانەی ئاشنایەتییان لەگەڵ دنیای کتێب و خوێندنەوەدا هەیە هەمیشە لەگەڵ خۆیاندا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبنەوە: (چ کتێبێک بخوێنینەوە؟)

کافکا پێی وایە (دەبێ ئەو کتێبانە بخوێنینەوە کە گاز لە مرۆڤ دەگرن و بە مرۆڤەوە دەدەن)، بەڵام ئەمە ڕێنماییەکی ورد نییە، چونکە هەندێ جار لەوانەیە کتێب زۆر خراپ گاز لە مرۆڤ بگرێ و بە چەشنێکی کوشندەش پێیەوە بدات، بۆیە بەبۆچوونی من دەبێ هەڵبژاردنی مژاری باش و خراپ لەو پرۆسەیەدا ڕەچاو بکرێت، چونکە کتێب بۆی هەیە ئاراستەکانی هزری مرۆڤ بەپێی ئەو مژارانە بگۆڕێت کە لەپێناویدا نووسراون.

مەرجی خوێندنەوەی باش بەلای فەیلەسووفی ئەڵمانی (شۆپنهاوەر)ەوە بریتییە لە نەخوێندنەوەی شتی خراپ، ئینجا ئەوە پرسیارە گرنگەکەیە، ئایا شتی باش و خراپ لە دنیای خوێندنەوەدا چین؟ لەکاتێکدا دەزانین خراپ و باش دوو دەستەواژەی وەهان کە ناکرێ لایەنی ڕێژەییان بەپێی واقیعی مێژوویی ڕەچاو نەکرێن، بەڵام وا بزانم ئەوە چەندوچوون هەڵناگرێ ئەگەر بڵێین هەر بابەتێک مرۆڤ بەرەو بەستەڵەکی بیرکردنەوە ببات شتێکی خراپە. هەر بابەتێک ئەگەر لۆژیکی گۆڕانی ئەم دنیایە لە هزری خوێنەر نەچێنێ شتێکی خراپە. هەر بابەتێک بەربەست بێت لەبەردەم وەڵامدانەوە و بەخۆداچوونەوەی مرۆڤ لە دنیای بەردەوام گۆڕاودا، شتێکی خراپە. لە بەرانبەریشدا هەر کتێبێک بە ئاراستەی وەڵامدانەوە و گۆڕانی ئەو دنیایە ڕامانبچڵەکێنێ شتێکی باشە. هەر کتێبێک فێری ڕەخنە و بەخۆداچوونەوەمان بکات شتێکی باشە. هەر کتێبێک فێری لێبووردەیی و گەورەیی مرۆڤ و خۆشەویستی مرۆڤمان بکات شتێکی باشە، هەر کتێبێک فێری ڕق و کینە و دەمارگیری و ڕەتکردنەوەی هزری ئەوی دیمان بکات بەهەر ئاراستە و لەژێر سێبەری هەر ئایدیۆلۆژیایەکەوە نووسرابێت شتێکی خراپە. هەموو ئەمانەش پابەندن بە پەیام و مژاری کتێبەکانەوە، بۆیە کاتێک لەخۆمان دەپرسین دەبێ چ کتێبێک بخوێنینەوە؟ دەبێ بزانین کە لەبەردەم پرسیارێکی چەند جەوهەریدا وەستاوین!.